# خامازی

## لە دەوڵەتێکی گەورەوە بۆ گوندێکی بچووک*

خامازی یەکێك بوو لە دەوڵەتە گەورەکانی هەزاری سێیەمی پێش زایین، نیشانەیەکی ئەم گەورەییەی خامازیش ئەو نامەیەی بۆ پادشاکەی نێردرابوو لەلایەن پادشای ئێبلا Ebla وە کە نزیك دەریای ناوەڕاست لە سووریادا بوو و نزیکەی ٨٠٠ کیلۆمەتر لێوەی دوور بوو. بەپێی (پیتیناتۆ)ش کە یەکێك بوو لەوانەی پشکنینیان لە شاری (ئێبلا)دا بە ئەنجام دا دەسەڵاتی خامازی گەیشتبووە دەریای ڕەش[١].

سەردەمی مەزنێتیی خامازی دەگەڕێتەوە بۆ جیهانێکی کۆن کاتێك هێشتا گەلانی(لوللو)و (گوتی)...ئەو دەورەیان نەبینیبوو، ئەم گەلانە مایەوە، بەڵام ناوی خامازی زۆر زووتر لەوان کوژایەوە.

دانیشتوانی عیراقی کۆن دەیانزانی کە خامازی وڵاتێکی کۆن بوو ئەوەتا داستانی سومەریی ئێنمێرکار Enmerkar و ئاغای ئاراتتا Aratta دەڵێت:

زەمانی زوو نە مار هەبوو و نە دووپشک

نە کەمتیار هەبوو و نە شێر

سەگی کێوی و گورگ نەبوون

ترس و سام نەبوون

مرۆڤ موونافسی نەبوو

زەمانی زوو وڵاتی شوبور Šubur و خامازی Hamazi هەبوون

وڵاتی سومەری فرەزمانیش (؟)[٢]

وڵاتە مەزنەکەی خاوەن ڕێسا پیرۆزە تایبەتییەکانی فەرمانڕەوایی،

وڵاتی ئوری Uri – *وڵاتی ئەکەد*– ئەو وڵاتەی هەموو شتێکی شیاوی تێدابوو

وڵاتی(مارتو) Martu –*ڕۆژئاوای عیراق*– ئەمین و دڵنیا بوو[٣]..تاد.

داستانەکە دەستنووسی سەردەمی بابلیی کۆنی هەیە بەڵام لەوە دەچێت، وەك (شتاینکێلەر) دەڵێت، ئەسڵەکەی کۆنتر بێت و ڕەنگە دەوروبەری ساڵی ٢١٠٠پ.ز نووسرابێتەوە[٤]. داستانەکە باسی هەوڵی (ئێنمێرکار)، پادشای (ئوروك) دەکات بۆ دەستگرتن بەسەر وڵاتی کوێستانیی (ئاراتتا) (لە کوردستانی ئێران) تا هەندێك کەرەسەی بینای بۆ شاری ئوروك دەستبکەوێت. ئێنمێرکار فەرمانڕەوای ئاراتتا دەخەڵەتێنێت بەڵام لەهەمان کاتدا ڕەوشت نزمیی کابرایەکی وڵاتی خامازی

---

* گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٤ لە ٥/٦/١٩٩٨، ل ١٧١-١٧٦.

[١] دکتۆر فەوزی رەشید، مملكة خمازي، کاروان، ژمارە٢١، حوزەیرانی١٩٨٤ ، بەشی عەرەبی، ل١٤٥ ئەویش لەم سەرچاوەیەی خوارەوە:
G.Pettinato, Archives of Ebla…,1981. p.108.
باسەکەی دکتۆر فەوزی سوودێکی تایبەتیی هەبوو بۆم چونکە سەرنجی ڕاکێشام بۆ ئەم دەوڵەتە.

[٢] بەڵام لە سەرچاوەی خوارەوەدا: " لەو ڕۆژەدا وڵاتی شوبور و خامازی کە زمانەکانیان جیا بوون لەوەی سومەر... B.Alster, RA 67, 1973, p.103 ئەویش لە OR NS, 23, 1953, 232ff.

[٣] صمويل نوح كريمر، من الواح سومر، ت. طه باقر، ل٣٧٩-٣٨٠.

[4] P.Steinkeller , The Historical Background of Urkesh and the Beginnings in Northern Mesopotamia, BM 26, p.83.

دەورێکی گەورە دەبینێت[1]. داستانەکە دەڵێت پاش ئەوەی فەرمانڕەوای ئاراتتا، کە ناوی ئێنسوخکێشداننا Ensuhkešdanna بوو، چەند جارێك هەوڵی بێئەنجامی دابوو بۆ سەرکەوتن بەسەر ئێنمێرکار جادووگەرێکی بەکرێگرت کە بەم جۆرە وەسف کراوە: "جادووگەرێك کە لێهاتوویی کەسێکی خەڵکی خامازیی هەبوو، ئورگێرنونا، کە لێهاتوویی کەسێکی خەڵکی خامازیی هەبوو پاش ئەوەی خامازی وێرانکرا بۆ ئاراتتا چووبوو"[2].



(میلی داڵەکان)ی فەرمانڕەوای شاری (لاگاش)ی سومەری ئێئاناتوم (دەوروبەری ۲۵۵۰ پ.ز) بەبۆنەی سەرکەوتن بەسەر شاری ئوما. نموونەیەکە لەسەر شەڕەکانی نێوان (شارە- دەوڵەت)ەکانی سومەر لەو کاتەی خامازی تێیدا وڵاتەکەی گرت

شوبور ــ کە لەگەڵ خامازیدا پەیوەستکراوە ــ بریتییە لە باکووری عیراق و بەشێك لە کوردستانی باکوور لە کاتێکدا کوردستانی باشوور بە (گوتیوم) دەناسرا. ڕەنگە لەسەردەمە هەرە کۆنەکاندا ئەو بەشە لەجیاتی گوتیوم بە خامازی ناسرابێت.

لەبەر ئەوەی خامازی لەگەڵ (کارخار)دا ناوی هاتووە کە ئاراد–ناننا (ئیر–ناننا بە سومەری)ی فەرمانڕەوای سەر بە بنەماڵەی سێیەمی ئور فەرمانڕەوایان بوو و لەبەر ئەوەی خەڵکی خامازی لە دەقەکانی گاسور (کە دواتر لە ناوەڕاستی هەزاری دووەمدا بە نوزی ناسرا) دەردەکەون (یاکۆبسن) دەڵێت گومان لەوەدا نییە خامازی لە کێوەکانی ڕۆژهەڵاتی کەرکوك، نزیك سلێمانی بووە[3]، بەڵام دکتۆر فەوزی ڕەشید هەنگاوێکی گەورەتر دەچێتە پێشەوەو بەراوردێك دەکات لە نێوان خامازی و گوندی(خەمزە)ی شارباژێڕ لە ڕۆژهەڵاتی سلێمانی (بە هەڵە بە خەمزەیی ناوی دەبات)[4]. لەبەر ئەوەشی شوێنەوارناسان ئاگاداری بابەتەکەی دکتۆر فەوزی نین دەبینین تا ئێستا بۆچوونە پێشووەکان دووبارە دەکەنەوە[5].

دڵنیابوون لەم دەستنیشانکردنە وردە پێویستی بە پشکنینێکی وردتر هەیە. گومان لەوەشدا نییە دۆزینەوەی شوێنی شارە کۆنەکە دەبێتە ڕووداوێکی زۆر گرنگ و دوور نییە بە گرنگترین دەستکەوتی شوێنەواریی کوردستان و عیراق لە سەرەتای سەدەی بیستویەکی زاینی بزانرێت. گوندی (خەمزە)ش کەوتۆتە ناو بەرزاییەکان و ئەگەر بۆ خۆی شوێنی شاری خامازی نەبێت دوور نییە لە بەشەکانی خواروویدا، نزیك چەمی قەڵاچوالان، بووبێت. هەروەها دوور نییە خامازی لە ئەسڵدا لە شوێنی گوندەکە بووبێت و دواتر برابێتە خوارتر.

دەقە جوگرافییەکان زۆر کەم دەتوانن یارمەتیمان بدەن بۆ دەستنیشانکردنی وردی شوێنی شارەکە. سێ لیستی ناوی شارو وڵات هەن کە تیایاندا ناوی خامازی هاتووە، یەکێکیان خامازی دەخاتە نێوان (..)و گوتیوم[6]، واتە ناوی یەکەم نەماوە. لیستی دووەمیان دەیخاتە نێوان کار– گودوئا[7] و تولوم Tulum[1]. لە لیستی سێیەمیشدا ناوی خامار Ha-mar هاتووە و خراوەتە نێوان مارخاشی Marhaši و ئێلام[2].

---

[1]B.Alster, in; RA, 67, 1973, p. 106.

[2]P.Steinkeller , The Historical Background of Urkesh.., p.82f.

[3]SKL, p. 98.

[4]کاروان، ۲۱، ل ۱٤٥.

[5]بڕوانە نوێترین باسکردنی خامازی (کە لە دووتوێی بابەتێك لەبارەی سوبارتو و ئورکیشەوە):
P.Steinkeller, The Historical Background of Urkesh.., pp.75-98.
شتاینکێلەر(ل ۷۹) ئەو باوەڕەی هەیە کە شاری خامازی پایتەختی (سوبارتو)وە بەڵام قەناعەتمان بەوە نییە.

[6]D.O.Edzard, Hamazi, in; RLA, 4, 1957-1971, S.70.
دکتۆر فەوزی لەباسەکەی کارواندا نووسیبووی : بەرگی (۳) ڕاستەکەشی بەرگی چوارە.

[7] گودوئا، کوتیێ شارێکی ناوەڕاستی عیراق نێوان بەغدادو بابل. لێرەدا وشەی کار=بەندەری خراوەتە پێش.

دوو لیستی دوایەمینیش خامازییان زۆر دوور خستووە لە ناوچەی مەبەست چونکە گودوئا ناوەڕاستی عیراقە، وڵاتی(ئێلام) یش ناوچەی خوزستان و دەوروبەری دەگرێتەوە، وڵاتی (مارخاشی)ش لە باکووری ئێلامدایە (لە کێوەکاندا).

وتمان خەڵکی خامازی لەهەندێك دەقەکانی شاری (گاسور)ی سەردەمی ئەکەدیدا بینراون . ناوی کابراکانیش ئەمانەن: ئیتیتی Ititi . (ئیتیتی)ی تریش هەن کە ئەکەدی و خەڵکی گاسورن نەك هی خامازی. ناوی دووەم: (شو–ئێشتار)ە[3] کە ناوێکی سامییە . لە دەقەکانی سەردەمی ئور ٣ لە درێهم (پوزریش داگان) ناوی شوبولو Šubulu ی خامازیی هاتووە[4].

سەبارەت بەناوی ئیتیتی (هەروەها زیزی[5] کە پادشایەکی خامازییەو دواتر باسی دەکەین) ؛ ئەم ناوە لەو ناوانەیە کە لە دوو بڕگەی دووبارەبوو یان لە سێ بڕگە کە دوانیان دووبارەبووەن پێکهاتوون. لێرەدا بڕگەی (تی) لەناوی (ئیتیتی)و (زی) لە ناوی زیزیدا دووبارە بوونەتەوە. گێڵب کە، لەم ناوانەی کۆڵیوەتەوە، تێبینیی ئەوەی کردووە ئەم جۆرە ناوانە بە زۆری لە شارەکانی دەوروبەری ڕووباری دیالە (بەشی خوارووی سیروان) لە سەردەمی ئەکەدیدا بینراون و لەبەر ئەم خەسڵەتەیان ناوی زمانی (مۆز)ی لەو زمانە ناوە کە بەڕای ئەو زمانی ئەو خەڵکە بووە. بۆیە ناوی (مۆز)یشی بەکارهێناوە چونکە مۆز بە ئینگلیزی ، کە Bananaی پێ دەوترێت ، دوو بڕگەی دووبارەبووەی تێدا هەیە. (میك)یش دەڵێت ئەم جۆرە ناوانە تایبەتییەکی سەردەمی ئەکەدی بوون و لەوانەیە سەرچاوەکەیان "بێگانە" بێت و دواتر بەرەو نەمان دەچوون[6] واتە نە سامین و نە سومەرین. ئەم جۆرە ناوانە هەروەها لە پشکنینی شوێنەواری لە حەوزی بەنداوی حەمریندا –کە لەسەر ڕوباری سیروانی خوارووکراوە کە ئەو دەقانە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ئەکەدی– دەرکەوتوون. بەپێی دکتۆر (فەوزی)ش حەوزی حەمرین وڵاتی ئەم جۆرە ناوانەیەو لەوێوە چووە بۆ ناوچەی دیالە[7]، هەروەها بۆ ئەوە دەچێت کە لەوانەیە (ئیبوبو)ی شاری ئێبلا –

---

[1]Edzard, Hamazi, S.70

[2]Ibid + A. Goetze, Hulibar of Duddul, in; JNES, 12, 1953, p. 121

ئەم لیستە سێیەمە لەسەرچاوەی دووەمدایە. ناوی خامار هی سەردەمی بابلیی کۆنە، هەروەها هی یەکەم و دووەمیش هەرچەندە سەرچاوەکەمان (ئەوەی ئێدزارت) ئەمەی بۆ ئەو نەوتووە. بڕوانە بۆ ئەو دوو لیستە:

P.Steinkeller , The Historical Background of Urkesh.., p.84n.38.

ناوەکە لە لیستی یەکەمدا بەشێوەی : Ha-ma-zé(!)(AD)$^{KI}$ هاتووەو لە دووەمدا بە شێوە باوەکە: Ha-ma-zi$^{KI}$ .

[3]Edzard, Hamazi, S.70.

ئەویش لە: HSS, 10, 153 II 25.

[4]Edzard, Hamazi, S.70(H. de Gnouillac, La trouvaille de Dréhem, Paris, 1911, 69,7).

[5] لە دەقەکانی حەوزی بەنداوی حەمریندا ناوی زوزو، زوزا، زوزوم، زازی هاتوون و یەکەمیان زۆرتر دووبارەبۆتەوە، بڕوانە د. فوزی رشید، اقدم الکتابات المسمارية المكتشفة في حوض سد حمرين، المؤسسة العامة للاثار والتراث، بغداد، ١٩٨٢، ل ٣٤. لە نامەکانی شمشارەشدا (کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ١٨پ.ز) ناوی (زوزوم)ێك هاتووە (زوزو+ پاشگری ئومی ئەکەدی) کە سەر بە شاری ئیلالائێ، بڕوانە ShA 1,no.63 (بەبڕوامان ئەسڵەکەی: ئیلالا) بووەو کە بە گوندەکەی (ئیللەلڵا)ی نزیك زێی دوکان باشووری کۆیەی دەزانم و کە دیارە لە سێ بڕگە پێکهاتووە: ئیـ–لا–لا. بڕوانی دوو زوزومی تر کە لەوانەیە هەمان کابرا بن: ShA 1, nos.35, 67 . هەروەها زوزو لە دەقە ئابووری و ئیدارییەکانی شمشارە: ShA 2,nos.57, 134جگە لەوەش ناوی زازوم کە فەرمانڕەوا یاخود پادشایەکی گوتییە لە نامەی ماریدا هاتووە، بڕوانە: ShA 1, p32, p.55 .

[6]Th.J.Meek,in; HSS,10, 1935 (reprint. 1968), p.xiii.

[7] بڕوانە دکتۆر فەوزی ڕەشید، سەرچاوەی سەرەوە، ل٢٩ بەدواوە . ئەو دەڵێت کە ناوچەی حەوزی حەمرین ناوچەیەکی دێمیی داخراو بوو بۆیە بەروبوومی ناوچەکە نەگۆڕ نەبوو لە ناوچەی واشدا کە ژمارەی خەڵك زۆردەبێت ناچار دەبن کۆچ بکەن بۆیە پێدەچێت کۆچی وا ڕوویدابێت و لەمەوە ئەو جۆرە ناوانە گەشتوونەتە ناوچەی دیالە. بەڵام ئەم ڕایە بە ڕایەکی بەهێز نایەتە پێش چاوم چونکە ئەگەر ئەمە هۆکە بێت ئەو کاتە پێویستە ئیحتمالی ئەوە دابنێین کە ناوچەی تریش بۆیان هەیە سەرچاوەی ئەو ناوانە بن، وەکو زۆر ناوچەی تری کوردستان. دکتۆر فەوزی لەو بڕوایەدا نییە کە ئەو ناوانە سەر بە زمانێکی دیاریکراوبن، واتە زمانی مۆز وجودی نەبووە. ناوی لەم جۆرە لە چەند شوێنێکی کوردستاندا دەبینرێن وەکو چەمی(چەق چەق) ی تەنیشت سلێمانی، (خوڕخوڕە)ی کوردستانی ئێران، (تەق تەق) باشوری کۆیە لەسەر زێ. هەرلەو دەوروبەرەدا (زوزوم)ی شاری (ئیلالائێ)ی کاتی شمشارە هەیە(بڕوانە پەراوێزی سەرەوە). هەر لەدەقەکانی شمشارەدا کەسێك بەناوی (تاکتاکیل) هەیە. دووبارە کردنەوە لە زمانی کوردیداو

بڕوانە باسی زیزی – لە ئەسڵدا خەڵکی خامازی بووبێت ئەویش بەپێی شێوەی ناوەکەی کە بڕگەی (بو) تیایدا دووبارە دەبێتەوە[1].

دیارە خامازی لەهەمان کاتدا ناوی وڵاتێکو پایتەختەکەی بوو و ڕەنگە لەناوی خوداوەندێکەوە وەرگیرا بێت. لەدەقێکی شاری سومەریی (لاگاش)دا ناوی کابرایەك هاتووە ئەویش: ئور – (دینگیر) خامازیدا[2] واتە: پیاوی (خوداوەند) خامازیدا. (شتاینکێلەر) دەڵێت کە (خوداوەند) خامازیدا بێگومان ناوی بەسومەریکراوی خامازیتو Hamazītuوە کە خوداوەندێکی مێینەی خامازییە (ئیشتار؟)[3].

بەشێوەیەکی گشتیش ناوی گەلو ناوچەو شار لەناوی خوداوەندەکانەوە وەردەگیرێنو ڕەنگە حاڵەتی پێچەوانە زۆر کەم بن.

ناوی خامازی هەروەها بۆ مرۆڤیش بەکار دەهات، چونکە ناوی کابرایەکی تر هەیە ئەویش لەدەقێکی بابلیی کۆندا ئەویش خامازی Hamazi[4] وشەیەکی ئەکەدی هەیە ئەویش ئاماسو amasu کە واتای "بەهێز بوون" دەدات[5] کە ڕەنگە پەیوەندیی هەبێت بە وشەی (حەماس)ی عەرەبی. ناوێکی تر هەیە : خامازیتوم Hamazitum لە دەقێکی (تەل سلێمە)ی حەوزی بەنداوی حەمرین کە دەقەکانیان، بەشێوەیەکی گشتی، بۆ سەردەمی ئەکەدی گەڕاندۆتەوە. دەقەکە باسی پێدانی جۆ بۆ لاماسا Lamasa ی خامازیتوم دەکات. خامازیتوم (کە بە شێوەی خامازیتیم هاتووە) ناوی کەسە[6].

ناوی خامازی لەدەقەکاندا بەچەند شێوەیەك نووسراوەتەوە، جگە لەشێوەی خامازی Ha-ma-zi، شێوەی خامزێ Ha-àm-zé[7]، کە پێشتر باسمان کرد ، هەیە ئەویش لە دەستنووسێکی نووسراوەکەی ئیر–ناننا (بڕوانە خوارەوە بۆ نووسراوەکە).

لەدەستنووسێکی تری نووسراوەکەشدا شێوازی خامازێ Ha-ma-zé هاتووە[8] جا ئایا نووسەرەکە هەڵەی کردووەو لەجیاتی بڕگەی ما ma بڕگەی ئام am ی نووسیوە؟ شێوەیەکی تری ناوەکەش: خێمێزی (خەمەزی؟) He-me-zi و [خا]مازێ [Ha]-ma-zé (خەمەزێ؟ خەمەزە؟) هەر یەکێکیان لەدەستنووسێکی داستانی ئێنمێرکار[9]. خوێندنەوەی (e)ش زۆر ڕوون نییە، چونکە دەکرێت هەروەها بە (ه) و (ع) ... بخوێنرێتەوە. لەو نامەیەی (ئێبلا)ش کە لەخوارەوەدا باسی دەکەین ناوەکە بەشێوەی (خامازیم) هاتووە کە ناوەکە لێرەدا حاڵەتی (ئیزافە)ی (خامازوم)ـە Hamazum کە ئەمیان لە خامازی + پاشگری (وم)ی ئەکەدی هاتووە.

ئینجا کاتی هاتووە بزانین خامازی چ دەورێکی لەو ڕابوردووە کۆنەدا بینیوەو چۆن باسی هاتووە.

---

ئەوەندەی بزانم لەگەڵ وەسفدا دێت وەك: لوول لوول، خڕخڕ. ئەم جۆرە ناوانەش (جگە لە دەرەوەی کوردستانی کۆن) لەنێوان زێی کۆیە لە باکوورو سیروان لەباشوور و دیجلە لە ڕۆژئاوادا زۆرن، بەڵام تەواو لەمە دڵنیا نیم.

[1] لە ناو عیراقییەکانیشدا ناوی ئابوبو Abubu هەیە کە ئەمیان لە (ئیبوبو)ی ئێبلاوە نزیکە، بۆ ئابوبو: HSS,10,p.xiii . دوو بڕگەی (بو) لەناوی ئیبوبو و بەپێی نووسینەکەی د. فەوزی بەم جۆرە نووسراون: (بو)ی یەکەم هێمی سێیەمی (بو)وە bù و ئەوەی تر هێمای شەشەمە bu6.

[2] P.Steinkeller , The Historical Background of Urkesh.., p.82n.28.

[3] P.Steinkeller , p.82n.28.

[4] G.R.Driver, Letters from 1st Babylonian Dynasty, Oxford, 192/4, p.72.

[5] Ibid, p.72, n.1.

[6] د.فوزی رشید، اقدم الکتابات المکتشفة في حوض سد حمرين، ١٩٨٢، ل٦٢-٦٤.

[7] Edzard, Hamazi, S.70.

[8] zé هەروەها بە (زی) zí ش دەخوێنرێتەوە.

[9] Ibid.

لە ناوەڕاستی هەزاری سێیەمدا (٢٥٠٠ پ.ز) شارە سومەرییەکان کەهەر یەکێکیان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوو (واتە: شارە دەوڵەتەکان)[١] شەڕیان دژی یەکتر دەکرد، لەو کاتەدا خامازی هێزەکانی خۆی ناردە جەرگەی ئەم شەڕانە و توانی بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوای زۆر کورت لەعیراقدا دابمەزرێنێت کە بریتی بوو لەیەك پادشا ئەویش خاتانیش **Hataniš**.

بەرلەوەی خاتانیش عیراق (یان بەشێکی عیراق ) داگیر بکات شارێکی کوێستانیی تر بەناوی ئاوان **Awan** – کە کەوتبووە نێوان خامازیو ئێلام – شاری (کیش)ی ناوەڕاستی عیراقی بەزاندبوو و دەسەڵاتدارێتی بەشێکی گەورەی عیراقی لەدەست سەند، بەڵام زۆری پێنەچوو کیش بەسەر (ئاوان)دا زاڵ بووەوەو بنەماڵەی دووەمی پادشایانی کیش پێکهات، ئەم بنەماڵەیەش خۆی ڕووبەڕووی خامازی بینی. ئێنسی **Ensi** (= میر، فەرمانڕەوا)ی کیش کە ناوی ئوتوك (یان ئوخوب، ئوتوگ، ئوتوکو)[٢]بوو، تووشی چەند شەڕێك دەبێت دژی خامازی، ئەم (ئێنسی)یە ، لەنووسینێکی سەر پارچە ئینجانەیەکدا، خۆی بە بەزێنەری خامازی ناو دەبات[٣]، بەڵام شەڕەکان بەسەرکەوتنی خامازی کۆتاییان پێهات.

ئەمە لە ناوەڕاستی هەزاری سێیەمی پێش زایین. لیستی پادشایانیش کە بە (لیستی سومەریی پادشایان) ناسراوەو[٤] لە باسی شارە سەرکەوتووەکانو پادشاکانیان دەگاتە خامازیو کلێشەی باسی سەرکەوتن دووبارە دەکاتەوە (کە بۆ هەموو شارێك بەکاردێت)و دەڵێت: ((کیش بە چەك لێدراو پادشایەتییەکەی چووە خامازی ..))[٥].

کەواتە بەپێی ئەم لیستە بنەماڵەی خامازی لەعیراقدا دوای بنەماڵەی دووەمی کیش هاتبوو لەکاتێکدا بەپێی نووسراوی تر دوو بنەماڵەکە هاوچەرخن (بۆ درێژەی ئەمە بڕوانە پاشکۆی ئەم باسە) ئەویش لەبەرئەوەی کە دەسەڵاتی خامازی لە کاتی پێنجەم پادشای ئەو بنەماڵەیەی کیش تێکچوو و نەما[٦].

لە نووسینی سەر پارچە ئینجانەیەکی بەردینیش کە لە شاری نیپپوردا دۆزرابووەوە ناوی کەسێك هەیە خۆی بە بەزێنەری خامازی ناو دەبات. کابراکە ناوی پوزوزو **pù-zu-zu** (یان پوسوسو، کاسوسو **KA-su-su**) بوو، ئینجانەکەش لەلایەن ئەوەوە یان لەلایەن کوڕەکەیەوە بۆ خوداوەندێکی نیپپور پێشکەشکرابوو[٧]. لەوانەشە ئەم ئینجانەیە یەکێك بووبێت لە تالانییەکانی لە خامازیدا[٨]. ناوی کابراش لەو جۆرە ناوانەیە کە لە دەقەکانی سەردەمی ئەکەدیی کۆن لە ناوچەی دیالەو گاسوردا بینراون[٩] وکە پێشتر باسمان کردن.

---

[١] زاراوەی شار-دەوڵەت City-State لە ئەسڵدا بۆ وڵاتی یۆنانی کۆن بەکاردێت و بەکارهێنانی بۆ شارە سومەرییەکان بە ڕاست نازانم لەبەر چەند هۆیەك کە لێرەدا بواری ئەوە نییە ڕوونیان بکەمەوە.

[2] A.Goetze, in; JCS, 15, 1961, p.107.

[3] RISA, 1929, p.5+SKL, p.97.

[٤] یەکەم جار لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور یان نەختێك پێش ئەوە لە کاتی ئوتوخێگال (دەوروبەری ٢١٢٠ پ.ز) ، ئەو پادشایەی گوتییەکانی لە سومەر دەرکرد ، نووسرابووەوە. دواتر فراوانتر دەکراو نوسخەی تری نووسرا. دوایەمین نوسخەش لە کاتی بنەماڵەی ئیسین نووسرایەوە: طه باقر ، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة ، ج١ ، ط٢ ، بغداد ،١٩٨٦ ، ل ١٤٧و٣٨١.

[5] SKL, p.97.

[6] M. Lambert, la période presargonique, en; Sumer, 8, no.1, 1952, p.67.

ئەم سەرچاوەیەش زانیاریی دووردورو درێژو بەسوودی تێدایە لەبارەی هێزەکانی عیراقی کۆن کە یەکێك لەوانە خامازییە ئەویش پێش سەردەمی ئەکەدی، بڕوانە هەروەها کورتەی باسەکە لەهەمان ژمارەی (سومر)دا بەعەرەبی ل ٨٤-٩١ ، بەڵام (لامبێر) خامازی بەناوچەیەکی ئێلامی دەزانێت.

[7] P.Steinkeller , The Historical Background of Urkesh.., p.80f.

وەسفەکانی ئەم جێماوە لەوەی (ئوتوك، ئوتوکو..) دەچن بەڵام ناوی دوو کەسەکە زۆر جیاوازن.

[8] P.Steinkeller , p.80n.19.

[9] P.Steinkeller , p.81n.20.

# خاتانیش

لیستی پادشایان پاش باسی سەرکەوتنی خامازی ناوی خاتانیش Hataniš[1](یان خادانیش Hadaniš )[2] دەهێنێت وەك پادشای ئەو بنەماڵەیەی خامازی که ((پادشایەتی))ی دەستکەوت. بەپێی ئەم لیستە خاتانیش بۆ ماوەی (٣٥٤) ساڵ حوکمی کرد. پادشا یەکەمەکانی وڵاتی دووڕووبار وەك خاتانیش و زۆری تر پێش ئەو ژمارەی ساڵی فەرمانڕەوایەتیی زۆریان بۆ دانراوە تەنانەت هەندێکیان (ئەوانەی زۆر کۆنترن) ماوەی حوکمیان دەیان هەزار ساڵە. خاتانیش لەناوەڕاستی هەزاری سێیەمدا (دەوروبەری ٢٥٠٠ پ.ز) یان کەمێك پێشتر ژیابوو.

ماوەی حوکمی خامازی لە وڵاتی دووڕووبار بریتی بوو تەنیا لەحوکمی خاتانیش، جا ئایا خاتانیش هەموو باشووروو ناوەڕاستی وڵاتەکەی گرتبوو یان بەشێکی وڵاتەکە لەگەڵ شاری نیپپور Nippur ی سومەریدا؟ زۆر کەس دەڵێن لیستی سومەری پادشایان کاتێك باسی گۆڕانی پادشایەتی لەشارێك بۆ شارێکی تر دەکات زیاتر مەبەستی لە گرتنی ئەو شارە پیرۆزەیە کە بارەگای ئێنلیل Enlil ــە (گەورە خوداوەندی سومەرییەکان) واتە هەتا ئەگەر پادشاکە هەموو وڵاتەکەشی نەگرتبێت ئەوا ئەوەندە بەس بوو ئەو شارەی لەدەستدا بێت.. بەهەرحاڵ ناتوانرێت بڕیار لەسەر دەسەڵاتی خاتانیش بدرێت لەبەر نەبوونی نووسراوی تر.

ناوی خاتانیش لە لیستێکی تردا هەیە بەناوی لیستی خوداوەندەکان، ناوەکە لە لیستەکەدا بە شێوەی خوداوەند خاتانیـ[ش] [š] dHa-tà-ni-I هاتووە[3]، لەوانەشە ئەم ناوە کورتەی ناوێکی وەك خاتانیش قابی hatāniš-qabî واتە: "ئەو (واتە خوداوەندێك)پەیمانی پاراستن دەدات"[4].

لەم لیستەدا (خوداوەند) خاتانیش و خوداوەند لوما Lumma (کە زیاتر بە ناوەکەی ترییەوە ناسراوە: ئێئانناتوم Eannatum و پادشایەکی شاری لاگاشی سومەری بووە) کە پادشایەکی شاری (لاگاش)ی سومەری بووە بە ئوتوککو utukku (واتە پاڵەوان ــ یان خێو ئەگەر واتای پیتاوپیت وەربگیرێت)ی پەرستگەی ئێکور[5] Ekur ناوبراون و ئەم خێوانە لەوێدا پەرستراون، ئەمەش بەپێی یاکۆبسن تەنها واتای ئەوە دەگەیەنێت ئەم پادشایانە پەیکەریان دانابوو بۆ خۆیان و قوربانی پێشکەش دەکرا بەو پەیکەرانەو پاش مردنیشیان بە خێوەکەیان ، بەمەش لەوانەیە خاتانیش بەڕاستی شاری نیپپوری گرتبێت[6]. پەرستنی خاتانیش بەلای کەمەوە لە سەردەمی ئیسن–لارسا (یەکسەر پاش ئور ٣) هەبووەو بەڵگە لەسەر پەرستنی خوداوەند لوما لە (ئێکور)دا دەگەڕێتەوە بۆ ئور ٣[7].

# زیزی Zizi

پادشای دووەمی خامازی کە بیناسین ناوی زیزی Zizi یە کە باسەکەی لە نامەیەکی شاری ئێبلا دا هاتووە.

ئێبلا شارێکی هەرە کۆنی سووریاو نزیك دەریای ناوەڕاستدا بوو.ئەم شارە لە هەزاری سێیەمی پێش زایینیدا دەوڵەتێکی بەهێز بوو، شارەکانی (حیمص)و (حەما)و (ماری) و چەندین شاری تری سوریا سەرانەیان پێدەدا، بازرگانەکانیشی بە

---

[1]SKL, p.97.

[2]Edzard, Hamazi, S.70 + S.38.

[3]SKL, p.98.

[4]Ibid.

[5] پەرستگەی خوداوەند ئێنلیل خوداوەندی گەورەی سومەری کە لە شاری نیپپوردا بوو.

[6]SKL, p.99.

[7]P.Steinkeller , The Historical Background of Urkesh.., p.80n.18.

(ئەنادۆڵ) و (فەلەستین)و (لوبنان)دا دەسووڕانەوە، ئەم دەسەڵاتەی ئێبلاش تووشی بەرەنگاربوونەوە بوو لەلایەن دەوڵەتەکانی وڵاتی دووڕوبار وەك شاری (کیش)و دەوڵەتی ئەکەد.

سارگۆنی ئەکەدی (٢٣٧١-٢٣١٦پ.ز) توانی ئێبلا لەگەڵ دوو شاری (ماری)و (یارموتی) بگرێت، بەڵام دیارە پاش سارگۆن ئێبلا توانی جارێکی تر سەربەرز بکاتەوە چونکە نارام سین (٢٢٩١-٢٢٥٥ پێش زایین) کوڕەزای سارگۆن شەڕی لە دژدا کردبوو.

ململانێی نێوان ئێبلاو ئەکەد بریتی بوو لەململانە لەسەر بازرگانیی کانزاکانی ئەنادۆڵو تەختەی دارستانەکانی لێواری دەریای ناوەڕاست[1] . ئەم شارە بەهێزە پەیوەندی لەگەڵ خامازیدا هەبوو ئەویش بەهۆی نامەیەکەوە دەیزانین کە لە ئێبلادا دۆزراوەتەوەو کە یەکێکە لە بەڵگەنامە زۆرەکانی ئێبلا. نامەکەی شاری ئێبلا بەزمانی سومەری نووسراوەتەوەو هەندێك وشەی ئێبلایی تێدایە، بەڵگەنامەکانی ئێبلاش بەو دوو زمانە نووسراونەتەوە. زمانی ئێبلاییش زمانێکی سامییە واتە خزمایەتیی هەیە لەگەڵ زمانی ئەکەدیو ئاموریو عەرەبی.. تاد.

نامەکە، کە تاکە نووسراوێکی ئەرشیفی ئێبلایە باسی خامازی بکات[2]، ئیبوبو **Ibubu** ناوێك ناردوویەتی کە گەورەی ئیدارییەکانی کۆشکی پادشای ئێبلا بوو-کە ئەو کاتە ئیرکاب دامو **Irkab-Damu** بوو. ئیبوبو قسەکان بۆ باڵیۆزی خامازی دەکاتو نامەکەی دەداتێ کە تیایدا دیاریی پێشکەش بە(زیزی) پادشای خامازی کراوەو بەرامبەر بەوە داواکارییەکی خۆی دەخاتە بەردەمی.

نامەکەش بەم جۆرەی خوارەوەیە، نووسینەکانی ناو کەوانەکانیش ( ) لەناو ئەسڵی نامەکەدا نییە بەڵکو زیادکراون بۆ ئەوەی واتای قسەکان ڕوون بێتەوە:

(( بەم شێوەیە ئیبوبو گەورەی ئیدارییەکانی کۆشکی پادشا (قسە دەکات) بۆ باڵیۆز(ی خامازی): تۆ برامیو من براتم (تۆ بەڕاستی) برا پیاوەکەی، هەر خواستێک کە (لە) دەمت دەردەچێت من بۆتی جێبەجێ دەکەم، تۆش ئەو خواستەی کە (لەدەمم) دەردەچێت بۆم جێبەجێ دەکەیت. تکایە سەربازی مەشقپێکراوم بۆ بنێرە. تۆ برامیو من برای تۆم، دە پارچە مۆبیلیەی تەختە لەگەڵ دوو زەخرەفە بۆ ئەو مۆبیلیەیە (من) ئیبوبو دامن بەباڵیۆزەکە، ئیرکاب دامو پادشای ئێبلا برا(ی) زیزی پادشای خامازی **Hamazum**[KI]یە، زیزی پادشا (ئەویش) برا(ی) ئیرکاب دامو پادشای ئێبلایە.تیرا – ئیلی نووسەر (ئەمەی) نووسی(و) بۆ باڵیۆزی زیزی.(پشتی نامەکە):(نامەکە)ی دا.))[3].

داواکارییەکەی پادشای ئێبلا لەم وەرگێڕانەدا بریتییە لە "سەربازی مەشقپێکراو" بەڵام وەرگێڕانێکی تر بە " ئێستری باشی کونگا **kúnga** "ی داناوە[4]. (شتاینکێلەر) کە ئەم وەرگێڕانە دەهێنێتەوە ئاماژە بۆ "سەربازی مەشقپێکراو" ناکات، باسیش لە خامازی دەکات وەك شوێنی دابینکردنی ئەو جۆرە ئێسترە تا دەگاتە کاتی سەردەمی ئور ٣و باسیدەقێك دەکات کە تێیدا وتراوە ١٦ئێستری لەم جۆرە بە شاری پوزریش داگان دراوە ئەویش لەلایەن (لو-نانا)وە، کە کوڕی نامخانی بوو و کە ئەمیان فەرمانڕەوای خامازی بوو[5].

---

[1]بڕوانە: مملکة ایبلا، اکتشاف القرن، تحقیق فهمي هویدي ، گۆڤاری (العربی)ی کوێتی، ، ٢٢٥، ١٩٧٧، ل ٨٥-٩٧ زانیارییەکانیش هی (پاولۆ ماتییێ)ن کە سەرۆکی پشکنەرەکان لە ئێبلا بوو، هەروەها هی (پیتیناتۆ).

[2] هەرچەندە لە دەقێکی تردا ناوێکی شوێن هاتووە: خامازا (خەمەزا) ha-ma-za-a[ki] :
**P.Steinkeller , The Historical Background of Urkesh.., p.82n.27.**

[3]بڕوانە باسەکەی دکتۆر فەوزی.. دەستکاریی هەندێك لە قسەکانی ناو کەوانەکانمان کرد. بڕوانە هەروەها کتێبەکەی د. عبدالله الحلو، صراع الممالك فی التاریخ السوری القدیم، ل٢٢٦.

[4]**P.Steinkeller , p.81.**

[5]**P.Steinkeller , The Historical Background of Urkesh.., p.81n.23.**

کەواتە سەرەڕای نزیکەی هەزار کیلۆمەتر کە دوو شارەکەی لەیەکتر جیادەکردەوە، پەیوەندی لەنێوانیاندا هەبووە. دکتۆر فەوزی ڕەشید ئەم پەیوەندییەی بەوە لێکداوەتەوە کە شاری (کیش) مەترسییەکی هاوبەش بوو بۆ هەردوو شارەکە. دکتۆر فەوزی باسی دەقێکی تری ئێبلا دەکات کەباسی ئەوەی تێدا هاتووە (مێسیلیم) Mesilim پادشای کیش ویستبووی ئێبلا داگیر بکات[1]. (مێسیلیم)یش سەدەیەك یان دوو سەدە پێش خاتانیش ژیابوو، لەلایەکی تریشەوە بینیمان چۆن کیش و خامازی شەڕیان دژی یەکتر کردبوو.

(بۆ کێشەی سەردەمی ئیرکاب دامو ، لەوەشەوە هی زیزی بڕوانە پاشکۆ).

لەلایەکی ترەوە (شتاینکێلەر) دەڵێت پێش ئیرکاب دامو شاری ماری چەندین جار ئێبلای پەلاماردابوو تا ناچاری کرد سەر بەو بێت و باجی پێبدات بەڵام لە کاتی ناوبراودا بارەکە گۆڕاو ئێبلا توانی هەندێك ناوچەی دەستکەوێتەوە بۆیە پەنابردنی ئیرکاب دامو بۆ خامازی بۆ ئەوە بووە بیهێنێتە ناو پەیمانەکەی دژ بە ماری، بەلا م ئەم ئامانجە سەری نەگرت[2].

باسکردنی هاوپەیمانێتیی خامازیو ئێبلا دژی کیش لەڕاست دەچێت ئەویش بەر لەپەیدا بوونی دەوڵەتی ئەکەدی، بەڵام دواتر مەترسیی ئەکەد دێتە پێشەوەو هەر ئەو بوو ئێبلای لەناوبرد.

نامەکەی ئێبلا بەڵگەیەکە لەسەر بەهێزیی خامازی و ئاشکرای دەکات کە خامازی ئەوەندە جێگەی متمانە بوو ئێبلای دوور داوای سەربازی لێبکات (ئەگەر ئەمەیان وەرگێڕانە دروستەکە بێت)، بەڵام ئایا لەکاتی نامەکەدا هێزی خامازی چەند بوویێت؟ ئەگەر زیزیو ئیرکاب دامو هاوچەرخی نارام سین بووبن ئەوا کۆمەکی زیزی بۆ ئێبلا لەوە ناچێت سوودی هەبوویێت چونکە وێرانبوونی ئێبلا لەسەر دەستی نارام سین بوو، تەنانەت نیشانەی پرسیاریش دێتە بەردەم چارەنووسی خامازی خۆی.

شارکالی شارری کوڕی نارام سین نووسراوێکی هەیە باسی خامازیو نارام سینی تێدایەو بەم جۆرەیە:

((شاری خامازی(؟).. کە ... نارام سین تێیدا دەسەڵاتی ولاتەکەی دەپاراست.. )) دوای ئەوە شارکالی شارری باسی بڕینی تەختەی چەند جۆرە درەختێك وەك سنەوبەرو ئەرز... تاد هەروەها باسی دروستکردنو تواندنەوەی (؟) زێڕەکەیو دروستکردنی(؟) زیوەکەی، مسەکەی .. دەکات[3]. ڕەنگە باسیش لەخامازی نەبێت چونکە (ئەرز) لەکوردستاندا نییە بەڵکو ئێستاش و کاتی خۆشی لە لوبناندا هەبووە. دەقەکە لەبەر شکاوییەکەی واتای تەواوی دیار نییە، تەنانەت ناوی خامازی بەتەواوی نەهاتووە، جا ئایا بەڕاستی نارام سین خامازیی گرتبوو؟

دەزانین نارام سین بەسەر لولوبی (لوللو)دا سەرکەوت ئەویش لەگەڵ شوێنێکی ترو یادی سەرکەوتنەکەی لە میلێکدا جێهێشت کە بە (میلی سەرکەوتن) ناسراوە، شوێنی نیشتەجێی (لولوبی)یەکانیش پاش نارام سین بەزیاد لە هەزار ساڵ دەگەیشتە زێی بچووك و ڕەنگە باکوورتریش بەڵام لەکاتی نارام سیندا دیار نییە، بەهەرحاڵ تەنانەت ئەگەر خەڵکی خامازیش لوللویی نەبووبن، ئەوا خامازییەکانو لوللوییەکان دراوسێ بوون. بەم پێیەش لەشکرکەشی دژی لوللوییو دژی خامازی دەبێتە یەك ئامانج، لەڕاستیشدا نووسینی زۆر لە (میلی سەرکەوتن)ی نارام سین شکاوە، تەنیا ناوی (لولوبوم) و شوێنێکی تر بەناوی (سیدور) ماون لەو لەشکرەی کۆبووەوەو کە نارام سین شەڕی لەدژدا کردبوو.

ئەگەر گومانیش کەم بێت لەگرتنی خامازی لەلایەن نارام سینەوە ئەوا گومانێکی گەورەمان هەیە لەبارەی دەسەڵاتی (شارکالی شارری) بەسەر شارەکە – ئەگەر دەقەکە مەبەستی لەوە بێت – چونکە لەکاتی ئەودا بار شێواو بوو و گوتییەکان ببوونە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ ولاتی دووروبار.

[1] مملکة خمازي، ل ١٤٧.

[2] P.Steinkeller, p.81f.

[3] RISA, p.145.

پاش گوتییەکان و لەسەردەمی بنەماڵەی سێیەمی (ئور)ی سومەری، ناوی خامازی لە هیچ لەشکرکەشییەکی شولگی ( لە ٢٠٩٤ تا ٢٠٤٧ پێش زایین حوکمی کرد) کە ئاڕاستەی کوردستانی کردبوون بەدی ناکرێت.

شولگی چەند جارێك دژی (لولوبوم) ـ شارەزوورو ناوچەی سلێمانی ـ و سیمورروم و ئوربیللوم ـ هەولێر ـ شەڕی کردبوو و دەبوایە لەگەڵ لولوبوم ناوی خامازیی بهێنایە.

ئامار – سین (٢٠٤٦-٢٠٣٨پ.ز)، کوڕی شولگی، فەرمانبەرێکی هەبوو بەناوی (لو –ناننا) کوڕی نامخانی کە فەرمانبەری خامازی بوو[1]. (نامخانی) ناوێکیش هەیە کە میری شاری (لاگاش)ی سومەری بوو وپیاوی گوتییەکان بوو کاتێك ولاتی دووڕوباریان داگیر کردبوو. ڕەنگە لو–ناننا فەرمانڕەوای وڵاتەکە بەگشتی بووبێت و شارەکەی لەژێردەستدا نەبووبێت و پێش ئەو کاتە شاری خامازی وێران کرابێت.

بەلای کەمیشەوە لەساڵی حەوتەمی حوکمی ئامار – سین و تا ساڵی دووەمی پادشاکەی دوای ئەو، واتە: شو – سین (٢٠٣٧-٢٠٢٩پ.ز) خامازی فەرمانڕەوایەکی تری سومەریی هەبوو بەناوی ئور – ئیشکور(اك)[2]. لە سەردەمی ئەمدا دەقێك هەیە باسی گواستنەوەی بیست سەر مەڕ بە بەلەم لە (پوزریش داگان)ـەوە بۆ بووکی (ژنی کوڕی) ئور–ئیشکور کاتێك ئەو ئافرەتە بۆ خامازی چووبوو[3]. لەمەوە دیارە گەشتەکە بە ڕوبار دیجلە پاشان بە لقێکیدا ڕۆشتبوو بەلام بێگومان دواتر ڕێگەی دەشتایی گرتبووە بەر.

هەر لەکاتی (شو – سین)دا فەرمانبەرێکی ئەم پادشایە بەناوی ئاراد – ناننا (یان ئیر – ناننا) خۆی بە فەرمانڕەوای چەند شوێنێك ناو دەبات:(خامازیٚ) یە **Hamaze** (یان خامزیٚ **Hamze**)و ئوربیلوم (هەولێر)و (کارخار)و شوێنی تر[4].

کەواتە ناوی خامازی لە سەردەمی ئور ٣ دا هەر دەمێنێت. ڕەنگە ئەو کاتە خامازی وەکو شارو پایتەختی وڵاتەکە وێران بووبێت (بڕوانە باسی داستانی ئێنمێرکار لە پێشتردا) بەڵام وەکو وڵات گومان لە مانەوەی تا ئەو سەردەمە نییە. خامازی لەو سەردەمەدا بە مونتەزەمی باجی دەدا[5].

جگە لەمەو لەو باسانەی فەرمانڕەواکانی خامازی کە لەلایەن پادشاکانی بنەماڵەکەی ئورەوە دانرابوون، نامەی فەرمانبەرێکی ئیببی سین، کە دوایەمین پادشای بنەماڵەکە بوو، بۆ ئەو پادشایە هەیە باسی سەرکەوتنەکانی ئیشبی ئێررا[6] دەکات و خامازی لە باسانەدا پاش سوبارتو هاتووەو بەم جۆرە: ئیشبی ئێررا زیننوم **Zinnum** (یان زیگومیٚ) ئێنسی(=فەرمانڕەوا)ی سوبیر (سوبارتو)ی گرت و خامازیی تالان کرد[7]. هەروەها باس لە هەڕەشەکەی ئیشبی ئێررا دەکات کە

---

[1] Edzard, Hamazi, S.70.

[2] Ibid.

(ئێدزارت) ئاماژە بۆ بابەتێکی (هاڵۆ) بۆ ئەم زانیارییە دەکات: JCS 14, 102:9 بەڵام ئەوەی لەو لاپەڕەیەی ئەو سەرچاوەیەدا دیومە ئەوەیە بۆ فەرمانبەری ناوبراو خانەیەکی سپی هەیە نێوان ساڵی ٦ و٧ ی ئامار سین و خشتەکە تا ساڵی ٩ی ئەو پادشایەی تێدایە.

[3] P.Steinkeller, The Historical Background of Urkesh.., p.79n.16.

[4] Edzard, Hamazi, S. 70 + RISA, p.269.

[5] P.Steinkeller, p.84n.37.

[6] ئیشبی ئێررا فەرمانبەرێکی ئامورریی شاری ئیسین بوو ئەویش لە کاتی ئیببی سیندا، بەڵام هەر لە کاتی ئەوداو پێش هەرەسی بنەماڵەکە جیابووەوەو دەوڵەتی سەربەخۆی (ئیسین)ی دامەزراند.

[7] P.Steinkelle , The Historical Background of Urkesh.., p.80n.17.

فەرمانڕەواکە پێشتر بە زیگومیٚ zi-gu-um-e ناسرابوو : Gelb,HS, p.38 بەڵام دواتر نووسینێکی تر دۆزرایەوە کە ناوی زیننوم zi-in-nu-um ی لەسەرە : Gelb, New Light.., p.388n.2. شتاینکێلەریش هیچ ئاماژە بۆ زیگومیٚ ناکات بۆیە دیارە ئەم ناوەی پەسەند نەکردووە. بەڵام دیارە کە دوو ناوەکە تا ڕادەیەکی باش جیاوازن.

پەلاماری هەموو ناوچەکانی نێوان ولآتی خامازیو دەریای ماگان و هێنانیان بۆ بەردەمی خوداوەندی مێینەی نینیسینا[1].
سوبارتوش بەشی باکووری ولآتی دووڕوبارو بەرەو ژوورترە بەرەو کوردستانی باکوور، واتا رۆژئاوای خامازییە.

دوور نییە مەبەست لە تالآنکردنی خامازی تالآنکردنی هەندێك ناوچەی دەوروبەری بێت. بەهەرحاڵ دەقەکە نایسەلمێنێت ئایا خامازی وەکو دەسەلآتە سیاسییە کۆنەکە سەری هەڵدابێتەوە یان مەبەست تەنها لە تەعبیرە جوگرافییەکەیە بێ ئەوەی دەوڵەتێك هەبێت بەو ناوە کۆنەوە. دیارنەمانی ناوی خامازی لە سەردەمەکانی دواتردا بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر ئەوەی خامازی چیتر وەك قەوارەیەکی سیاسی بە هەمان ناوی کۆنەوە نەمابوو.

وەك بینیمان داستانی ئێنمێرکار و ئاغای ئاراتتا باسی جادووگەرێکی خامازی دەکات کە پاش وێرانکردنی خامازی پەنای بۆ ئاراتتا بردبوو[2]، ئەگەر ڕاستیش بێت ئەسڵی داستانەکە لە دەوروبەری ٢١٠٠پ.ز نووسرابێتەوەو ئەگەر تێگەیشتنمان لە نووسینەکەی شارکالی شارری ڕاست بیت، ڕەنگە بتوانین وێرانبوونی شارەکە بگەڕێنینەوە بۆ کاتی نارام سین، هەرچەندە ئەو ئەگەرە هەیە کە ئەمە لەسەر دەستی یەکێك لە گەلەکانی کوردستان بووبێت، بۆ نموونە گوتییەکان.

بەم جۆرە خامازی لە سەردەمێکی زوودا دەوری سیاسیی نەما هەرچەندە بۆی هەیە لە هەمان ئەو شوێنەی ئەودا هێزی سیاسیی تر، ئەگەر چی ناوچەییش بێت، پەیدا بووبێت، زانینی ئەمەش پەیوەستە بە دۆزینەوەی نوێ هەروەها بە سەلماندنی ئەوەی خامازی بەڕاستی خەمزەی ئەمڕۆیە، یان بەلای کەمەوە نزیك بووبێت لێی. ئەگەر ئەمەش سەلمێنرا ئەو کاتە ئەمارەتی بابان نوێترین ئەکتەر دەبێت لەو ناوچەیەی پێش نزیکەی ٢٥ سەدە بە خامازی دەناسرا.

## پاشکۆ:لەبارەی سەردەمی خاتانیش (خادانیش)و زیزی

١- خاتانیش: بەپێی لیستی سومەریی پادشایان ــ کە پێ دەچێت یەکەم دەستنووسی لە کۆتایی سەدەی ٢٢ی پێش زایین نووسرابێتەوە[3] ــ زنجیرە پادشایانی خامازی کە بریتی بوو لەیەك پادشا ئەویش (خاتانیش)پاش زنجیرەی دووەمی (کیش)و پێش زنجیرەی دووەمی (ئوروك)حوکمی کردبوو:

کیش٢ › خامازی › ئوروك ٢

واتە بەپێی لیستەکە سێ زنجیرەکە یەك بەدوای یەکدا هاتوون، بەڵام لەلایەکی ترەوە نووسراوێك هەیە باسی سەرکەوتنی یەکەم پادشای ئوروك٢(ئێنشاکوش ئاننا)**Enšakuš-anna** بەسەر پادشای پێش دوایەمینی کیش ٢ (ئێنبی ئیشتار) **Enbi-Ištar** دەکات، واتە ئەم دوو پادشایە هاوچەرخن یان بابڵێین دوو زنجیرەکە هاوچەرخن نەك وەك لیستەکە باسی دەکات کە بەدوای یەکدا هاتوون چ جای ئەوەی زنجیرەی خامازی بکەوێتە نێوانیان. لە لایەکی ترەوە وتمان دەسەلآتی خامازی لەکاتی پێنجەم پادشای کیش ٢ شێ ئێ **šè-e** (یان کوــ ئێ **ku-e**)تێك چوو ونەما، واتە زنجیرەی خامازی هاوچەرخی زنجیرەی کیش٢ بوو..ئەم ناڕێکییەش لەنێوان ئەو ڕاستییانەو باسەکانی لیستی پادشایاندا بەوە لێکدراوەتەوە کە ڕەنگە زنجیرەکەی کیش کە وەك یەك بنەماڵە نیشان دراوە لەڕاستیدا دوو دەوڵەت بوو: بنەماڵەی پادشایی خامازیو میرنشینێکی کیش، ئەم دوانەش هاوچەرخی یەکتر بوون[4].

بەهەرحاڵ لیستی پادشایان نزیکی چوار سەدە پاش ئەم ڕووداوانە نووسرابووەوەو دیارە کە بەشی گەورەی ئەم جیاوازییەی باسەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆیە، جگە لە هۆیەکی تر کە پێشتر باسمان کرد ئەویش ئیحتمالی ئەوەی مەبەست

---

[1] **P.Steinkelle , p.79n.16.**

[2] کۆمەڵێکی بچووکی دەقی جادوو یان نوشتە هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بابلیی کۆن و کە بەچەند زمانێکی بێگانە یان "سەیر" نووسراونەتەوە. تا ئێستاش نەتوانراوە زۆربەی ئەو دەقانە بخوێنرێنەوە بەڵام بەلای کەمەوە دوانیان دەزانرێت کە بە زمانی ئێلامی نووسراونەتەوەو یەکێکیان بە خورری. لەیەکێکیش لەو دەقانە نووسراوە کە ئەو دەقە بە زمانی سوبارتو نووسراوە:
**P.Steinkeller , The Historical Background of Urkesh.., p.84f.**

[3] لە (ڕامان)دا وتبووم لە کۆتایی سەدەی نۆزدەی پێش زایین نووسرابووەوە ئەمەش هەڵەیە.

[4] **M. Lambert, la période presargonique, p.67.**

لە ((پادشایەتی)) لە لیستی پادشایاندا- کە لە شارێکەوە دەچێتە دەستی شارێکی تر- گرتنی شارە پیرۆزەکەی نیپپور بێت، واتە سێ زنجیرەکە هاوچەرخ بوون، بەڵام بەو تەرتیبەی لیستی پادشایان نیپپور لەدەستی سێ شارەکەدا بوو: سەرەتا کیش٢، پاشان خامازی، دوای ئەوانیش ئوروك٢.

| کیش ٢ | خامازی | ئوروك ٢ |
|---|---|---|
| شو... | | |
| دادا سیگ | | |
| میگالگالا | | |
| کالبوم | | |
| شێ ئێ (کو- ئێ) | خاتانیش (ئێرە یان سەرووتر) | |
| گا-شوب-نونا | | |
| ئینبی ئیشتار | 〈 〉 | ئێن شاکوش ئاننا |
| لوگال مو | | لوگال کینیشی دودو |
| | | لوگال کیسال سی |
| خشتەی هاوچەرخێتیی خاتانیش لەگەڵ پادشایانی کیش ٢ و ئوروك ٢ | | |

٢- زیزی: پێشتر (پیتیناتۆ) وای بۆ چووبوو ئیرکاب دامو دوایەمین پادشای بنەماڵەی ئێبلا بووبێت[١] ، ئەگەر ئەمەش ڕاست بێت ئیرکاب دامو تا ساڵی (٢٢٥٠) پێش زایین- ساڵی وێرانکردنی ئێبلا لەلایەن نارام سینەوە -حوکمی کردووە ئەویش ئەگەر ئەمیان نەك سارگۆنی باپیری ئێبلای وێرانکردبوو چونکە ئەویش بۆ خۆی ئەکید نییە هەرچەندە لەوە دەچێت جارێك سارگۆن گرتبێتی و جارەکەی تر نارام سین سووتاندبێتی[٢]. (پیتیناتۆ) دواتر تەرتیبێکی تری بۆ پادشایانی ئێبلا داناوە کە پێنج پادشای بۆ داناوە لەجیاتیی شەش کە تێیدا ئیرکاب دامو دووەم پادشایەو سەرجەم ماوەی حوکمیان ١٥٠ ساڵە[٣]و ئەگەر ئەمەیان ڕاست بێت و وێرانکەری ئێبلا سارگۆن بووبێت ئەو کاتە زۆر لە ئەکیدییەوە نزیکە ئیرکاب دامو و زیزی هاوچەرخی دەسەڵاتی گەورەی کیش بووبن و مەترسیی ئێبلا لەم بوو.

ئەگەر نارام سین وێرانکەری ئێبلا بووبێت پێویست دەکات ماوەی نێوان ئیرکاب دامو و دوایەمین پادشای ئێبلا کەمتر بێت لەو ١١٦ ساڵەی نێوان یەکەم ساڵی سارگۆن و دوایەمین ساڵی نارام سین تاکو بتوانین بڵێین مەترسیی هاوبەشی ئێبلا و خامازی بریتی بووبێت لە ئەکەد. بەپێی ئەمەو بە زانینی ئەوەی زیزی و ئیرکاب دامو هاوچەرخ بوون زیزی یان هاوچەرخی سارگۆن بووە یان پێشتر ژیاوە. بۆچوونەکەی دکتۆر فەوزیش کە زیزی لەدەوروبەری ساڵی (٢٥٠٠) پێش زایین ژیاوە تەنها لەو حاڵەتدا ڕاستە کە سارگۆن ئێبلای لەناوبردبێت ئەویش لەسەرەتای حوکمیدا و ئیرکاب دامو بەڕاستی دووەم پادشای ئێبلا بووبێت.

١ دکتۆر عبدالله الحلو، صراع الممالك في التاريخ السوري القديم، ١٩٩٩، ل ٢٢٥.
٢ هەمان سەرچاوە.
٣ هەمان سەرچاوە.